3.11.2023

**زانیاری بۆ کەسی بەشدار لە لێکۆڵینەوە دا**

نووسینگەی تەندروستی و خۆش بژێوی (THL) لێکۆڵینەوەی FinLapset / Suomi100 ئەنجام دەدات و ئەو لێکۆڵینەوە زانیاری لەسەر باری تەندروستی، باش بژێوی، بەشداری کردن لە کۆمەڵگە، بەکارهێنان و ئەزموونەکانی خزمەتگوزارییەکان و ئەو بابەتانەی کاریگەری دەخەنە سەریان لە و خێزانانەی کە منداڵی لەدایک بووی ساڵی 2017 بەدەست هێناوە. لەو بەیاننامە دا شی دەکرێتەوە کە چۆن مامەڵە بە زانیارییە کەسییەکان لە لێکۆڵینەوی FinLapset / Suomi100 دا دەکرێ. لە بنەڕەت دا بەشداری کردن لە لێکۆڵینەوەکە دا خۆبەخشانەیە. بەشداری نە کردن لە لێکۆڵینەوەکە دا یان دەست لە بەشداری هەڵگرتن هیچ کاریگەرێیەکی خراپی بۆ تۆ نابێت. لە بەشی 17ی ئەو بەیاننامەیە دا وردتر باس دەکرێت چ مافێکت هەیە و چۆن دەتوانی کاریگەری بکەیتە شێوازی مامەڵە کردن بە زانیارییە کەسییەکانت یان زانیاریە شەخسیەکانت.

## 1. بەرپرسی تۆمارکردنی زانیارییەکانی توێژینەوە

**نووسینەگەی تەندروستی و خۆشبژێوی، THL**
PL 30
00271 Helsinki
تەلەفۆن 6000 524 029

ئەو کەسەی کە دەکرێ سەبارەت بە بابەتەکانی لێکۆڵینەوە پەیوەندیی پێوە بگیرێت: Maaret Vuorenmaa، لێکۆڵەری تایبەت
ناونیشان: THL, PL 30, 00271 HKI
ژمارە تەلەفۆن: 6000 524 029 (گواستنەوە)
ئیمێل: ناو.نازناو (ئات)fi.thl (etunimi.sukunimi(at)thl.fi)

## 2. باسی پرۆژە ی لێکۆلینەوەکە و مەبەستی مامەڵە کردن بە زانیاری کەسەکان

باس لە لێکۆڵینەوەیەکە کە بە هاوکاری گرووپەکانی لێکۆڵینەوەی Finlapset و Suomi100 لە THL ئەنجام دەدرێت.

ئامانجی لێکۆڵینەوەی FinLapset / Suomi100 ئەوەیە کە زانیاریی گشتگیر و بەڕۆژ لەسەر باری تەندروستی، باشبژێوی و بەشداری**کۆمەڵایەتی** خێزانی ئەومنداڵەنەی ساڵی 2017 لە دایک بوون و ئەو گۆڕانکارییانەی لەو بابەتانەدا پێک دێن، بەدەست بێنێت. لە لێکۆڵینەوەکە دا هەروەها بەدواداچوون بۆ **خێزانی ماڵدار کە پشووی خێزانی** و ئەو خزمەتگوزارییە مەدەنی، سۆسیالی و تەندروستییەی بەکاریان هێناوە و هەروەها ئەو گۆڕانکارییانەی لەو خزمەتگوزارییانە دا پێکهاتوون، دەکرێ. ئەوانە بەشێکن لە ئەرکە یاساییەکانی THL. زانیارییەکانی لێکۆڵینەوە هەروەها لە لێکۆڵینەوەی زانستیش دا بەکار دەهێنرێت.

ئەو لێکۆڵینەوە هەروەها پێش لێکۆڵینەوەیە بۆ پرۆژەی Suomi100 و بەو شێوەیە یارمەتیی ئامادەکاری بۆ پرۆژەی Suomi100 ئەنجام دەدرێت. خەزێنەی کەلتوری فینلاند سەرمایە بۆ پرۆژەکە تەرخان دەکات و ئامانجی پرۆژەکە بەرهەم هێنانی زانیارییە بۆ پاراستنی باشبژێوی لە دەیان ساڵی داهاتوو دا. لە پرۆژەی Suomi100 دا ئەسڵی کۆکردنەوەی زانیارییەکان لەو خێزانانە دا دەکرێت کە ساڵی 2026 منداڵیان دەبێت.

هەموو ئەو منداڵانەی لە فینلاند دەژین و ساڵی 2017 لە دایک بوون و سەرپەرەستی فەرمی ئەوان، کەسانی ئامانجی لێکۆڵینەوەکەن. هەر یەک لە دوانی منداڵانی لە دایک بووی ساڵی 2017 (نیزیکەی 500 26 کەس) لەگەڵ سەرپەرەستە فەرمییەکانیان (نیزیکەی 000 53 کەس) بانگێشتی لێکۆڵینەوەکە دەکرێن.

زانیارییەکانی لێکۆڵینەوە بە دوو بەشە:

1) ئەو زانیارییانەی ئاستی تاکەکان کە لە ڕێگەی چاودێریی تۆمارەکان پێکهاتووە و زانیاریی لەسەر هەموو ئەو منداڵانەی ساڵی 2017 لەدایک بوون و سەرپەرشتەکانیانی تێدایە. هەروەها هەوڵ دەدرێ لەرێگەی تۆمارەکان خوشک و براکانی ئەو منداڵانەی ساڵی 2017 لەدایک بوون بدۆزرێنەوە و لە ناو زانیارییەکانی لێکۆڵینەوە بخرێن. لە لێکۆڵینەوەکە دا کەڵک لەو زانیارییانەی لە لایەن DVV (نووسینگەی زانیاری دیجیتاڵی و دانیشتووان)، THL، ئیدارەی Kela، نووسینگەی پەروەردە، بنکەی ئامار، نووسینگەی باج، بنکەی تۆمارەکانی یاسا و چاودێریی دارایی بەڕێوەدەبرێن بەکار دەهێنرێن. ئەو زانیارییانەی لە ڕیگەی ڕاپرسییەکە کۆ دەکرێتەوە لەگەڵ زانیاریی لێکۆڵینەوەکە تێکەڵ ناکرێتەوە.

2) ئەو زانیارییەی لە سەرپەرەستان وەرگیراوە و زانیارییەکانی پەیوەندیدار بە کەس، زانیارییەکانی تۆمار کراوی منداڵانی لە دایک بووی 2017 و دایک و باوکیان. داوا لە سەرپەرەستانی منداڵەکان دەکرێ کە کاتێک منداڵەکان لە تەمەنی قوتابخانەی پێش سەرەتایی دان، بەشداری لە لێکۆڵینەوە کە دا بکەن و ئەگەر لێکۆڵینەوەکە دووپات کراوە دووبارە بەشداری بکەنەوە، ئەو کات منداڵەکە لە تەمەنی 9 تا 10 ساڵی و 11 تا 12 ساڵی دا دەبێت. سەرنجی ئەسڵی لێکۆڵینەوەکە وەدەستهێنانی زانیاری لەسەر ئەزموونەکانی سەرپەرەستان لەسەر ئەو بابەتانەی خوارەوەیە: 1) تەندروستی و باش بژێوی بنەماڵەکە، 2) بارودۆخی سەرپەرەستەکان و بەڕێوە چوونی ژیانی ڕۆژانەیان، 3) بەشداری کردنی سەرپەرەستەکان لە کۆمەڵگە دا و هەستی بوونی بەشێک لە کۆمەڵگە 4) پێویستییەکانی خێزانەکە بە خزمەتگوزارییەکان و بەڕادەی پێویست بوونی خزمەتگوزارییەکان. لە ڕیگەی فۆرمی پرسیارکردنەوەکەوە زانیاری لە منداڵەکان خۆیان کۆ ناکرێتەوە. هەروەها ئەو زانیارییەی لە فۆرمی پرسیارکردنەوەکەدا کۆ کراوەتەوە بە جیا کاری لەسەر دەکرێت، شی دەکرێتەوە و ڕاپۆرتی لەسەر دەدرێت. هەروەها دەکرێ ئەو زانیارییانەی فۆرمی پرسیارکردنەوە کە لە دایک و باوکەکە کۆ کراونەوە لەگەڵ زانیاریی ناو تۆمارەکان پێکەوە پەیوەست بکرین (تۆمارەکانی DVV، THL، Kela، نووسینگەی پەروەردە و بنکەی ئامار، نووسینگەی باج و چاودێریی دارایی). بە وەڵامدانەوەی ئەو ڕەزامەندی دەدا بۆ پە فۆرمی پرسیارکردنەوەکەوە یوەست کردنی زانیارییەکانی تۆمار کراوی خۆی و ئەو منداڵەی ساڵی 2017 لە دایک بووە بە زانیارییەکانی لە فۆرمی پرسیارکردنەوەکەوە کۆکراونەوە. ئەگەر هەر دوو سەرپەرەست فۆرمی پرسیارکردنەوەکەوە وەڵامی بدەنەوە زانیارییەکانی هەردوو سەرپەرەست و منداڵەکە پەیوەست بە یەکتر دەکرێن. زانیارییەکانی تۆمار کراوی پەیوەندیدار بە خوشک و براکانی منداڵەکە پەیوەست ناکرێنەوە بەو زانیارییانەی لە لێکۆڵینەوەکە وەدەست هاتووە.

دەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە لە لاپەڕە ئینتەرنێتییەکانی THL، ڕاپۆرتەکان و بڵاوکەرەوەکانی تری هاوشێوەی گشتی و هەروەها لە بڵاوکەرەوە زانستییەکانی کە لە لایەن کەسانی یەک ئاست هەڵسەنگێندراون بڵاو دەکرێتەوە. زانیارییەکانی کە لە لێکۆڵینەوەکە دا وەدەست دێت بۆ نموونە لە هەڵسەنگاندن و بەرنامە دانانی سیاسەتی سۆسیال و تەندروستیی نەتەوەیی و ناوچەیی بەکار دەهێنرێت.

زانیارییە کەسییەکان بۆ پەیوەندی گرتن بە کەسەکە و بۆ پەیوەست کردنی ئەو زانیارییە تۆمار کراوانەی لە پێشتر باس کران بە وەڵامی بەشدار بوو بەکار دێن. دوای پەیوەست کردنی زانیارییە تۆمار کراوەکان، ئەو زانیارییانەی ڕاستەوخۆ کەسەکەیان پێ دەناسرێتەوە لە زانیارییەکانی لێکۆڵینەوە پاک دەکرێنەوە. لە ڕێگەی ئەو زانیارییانەی لێکۆڵەران بەکاری دەهێنن ناکرێ کەسەکان بناسرێنەوە.

زانیاری زیاتر لەسەر لێکۆڵینەوەکە لە ناونیشانی: thl.fi/finlapset

## 3. لایەنەکان و دابەشکردنی ئەرکەکانی ئەو پرۆژە لێکۆڵینەوەی بە هاوکاری دەکرێت

THL بە پێی یاسای پاراستنی زانیارییەکان بەرپرسە لە هەڵگرتنی تۆمار.

THL هەروەها لەگەڵ گرووپەکانی تری لێکۆڵینەوەی ڕێکخراوەکانی تریش بە پێی ڕێکەوتنی نێوانیان هاوکاری دەکات. بەشێک لە زانیارییەکان کە زانیاریی ناسینەوەی کەسەکانیان تێ دا نییە دەنێردرێن بۆ هاوکارەکان و ئەوان لە ماوەی کارابوونی ڕێک کەوتنەکاندا بەرپرسیاری هەڵگرتنی تۆمارەکان دەبن. ئەو هاوکارانەی بەرپرسی هەڵگرتنی تۆمارە هاوبەشەکانن لە لیستێک کە وەک پاشکۆی 1 لەگەڵ بەیاننامەی پاراستنی زانیارییەکان دانراوە.

لە هەر بارودۆخێک دا THL ئەرکی هەڵگرتنی تۆمارەکانی بەو جۆرەی کە لە ڕێسای پاراستنی زانییارییەکان بە وردی باسکراوە، لەسەرە.

بەشدارانی لێکۆڵینەوەکە دەتوانن هەموو داخوازییەکانی سەبارەت بە مافی ئەو کەسەی کە زانیارییەکانی تۆمار کراوە ئاراستەی THL بکەن، لە کاتی پێویست دا THL ئەو داخوازییە دەنێری بۆ هاوکارانەی بەرپرسی هەڵگرتنی تۆمارەکانن.

## 4. بەڕێوەبەری بەرپرسی لێکۆڵینەوەکە یان گرووپی بەرپرس

پرۆژەی لێکۆڵینەوەکە لە THL بە هاوکاری گرووپەکانی لێکۆڵینەوەی FinLapset و Suomi100 ئەنجام دەدرێت.

ناونیشان: PL 30, 00271 Helsinki
ژمارە تەلەفۆن: 029 524 6000 (هێڵ گواستنەوە)
ئیمێل: etunimi.sukunimi@thl.fi

## 5. زانیارییەکانی پەیوەندی گرتنی بەرپرسی پاراستنی زانیارییەکان

ئیمێلی بەرپرسی پاراستنی زانیارییەکانی THL: tietosuoja@thl.fi

## 6. ئەنجامدەرانی لێکۆڵینەوە

لێکۆڵینەوەکە لە لایەن لێکۆڵەرانی بەشی کاریگەرەکانی باش بژێوی THL، تیمی بنەماکانی زانیاریی بەڕێوەبەری باشبژێوی و سیستەمی خزمەتگوزاریی یەکەی بەڕێوەبردنی زانیاری و پەرەپێدانی هاوتا و هەروەها لێکۆڵەرانی گرووپی Suomi100ی یەکەی Biopankkiی بەشی گەیاندنی زانیاری، ئەنجام دەدرێت. لە شی کردنەوەی زانیارییەکان و دەرئەنجامەکان دا لێکۆڵەرانی بەشەکانی تری THL و ڕێکخراوە هاوکارەکان بەشدار دەبن (تەماشای پاشکۆی 1 بکە).

## 7. ناو، جۆر و ماوەی لێکۆڵینەوەکە

ناوی لێکۆڵینەوەکە: لێکۆڵینەوەی FinLapset / Suomi100 بۆ خێزانەکانی منداڵانی لە دایک بووی ساڵی 2017

باس لە لێکۆڵینەوەیەکی بەدواداچوونە، کە تێیدا بە کەڵک وەرگرتن لە زانیارییە تۆمار کراوەکانی کەسەکان و ئەو زانیارییانەی بە فۆرمی پرسیارکردنەوەکەوە کۆدەکرێنەوە، لێکۆڵینەوە لەسەر باشبژێوی خێزانەکانی منداڵانی لە دایک بووی 2017 دەکرێت.

ساڵی 2024 کاتێک منداڵەکە لە تەمەنی خوێندنی پێش قوتابخانەی سەرەتایی دایە، بۆ هەردوو سەرپەرەستی منداڵی لە دایک بووی ساڵی 2017 فۆرمی پرسیار بە تایبەتی دەنێردرێت و ناوەرۆکی فۆرمەکەی هەردووکیان وەک یەکە. هەروەها لە وانەیە لە قۆناغی بەدواداچوونی لێکۆڵینەوەکە دا دووبارە داوا لە سەرپەرەستەکان بکرێت لە لێکۆڵینەوەکە دا بەشدار بن.

زانیارییە تۆمارکراوەکانی منداڵی لە دایک بووی ساڵی 2017 و سەرپەرەستەکانی، لە کاتی دووگیانی ڕا تا ئەوەی منداڵەکەی لە دایبووی ساڵی 2017 دەبێتە 18 ساڵ بەدواداچوونیان بۆ دەکرێت. زانیارییەکانی خوشک و براکان لانی

زۆر تا ئەو کاتەی دەبن بە 18 ساڵ دەکرێ بەدواداچوونیان بۆ بکرێت. بەدواداچوونی زانیارییەکانی خوشک و براکان لە کاتی ماوەی دووگیانیی دایکەکە بەو منداڵەی ساڵی 2017 لەدایک بووە دەست پێ دەکات و لانی زۆرتا کاتێک چاودێری زانیارییەکانی منداڵەکەی لە دایکبووی 2017 کۆتایی پێ دێت، بەردەوام دەبێت.

زانیارییەکانی منداڵەکەی ساڵی 2017 لە دایک بووە، زانیارییەکانی خوشک و برا و سەپەرستەکانی لە ماوەی قۆناغی درێژەی لێکۆڵینەوەکەدا تازە دەکرێنەوە.

دوای ئەوەی کە بەدواداچوونی زانیارییە تۆمارکراوەکان کۆتایی پێ هات (لانی زۆر ساڵی 2040) زانیارییەکانی لێکۆڵینەوە بە پێێ برگەی 16 هەڵدەگیرێن.

## 8. بنەمای یاسایی مامەڵەکردن بە زانیارییە کەسییەکان

بنەمای مامەڵە کردن بە زانیارییەکان بە پێی یاسای گشتی پاراستنی زانیارییەکان مادەی 6 برگەی 1و بەو شێوەی خوارەوە دەبێت:

☐ ڕەزامەندی بەشدار بوو
☐ پەیرەوکردنی بەرپرسیارەتی یاسایی
☒ لێکۆڵینەوەی زانستی یان مێژووی کە کەڵکی بۆ بەرژەوەندی گشتی هەیە، بەکارهێنانی دەسەڵاتی لایەنی تۆمارکەر یان ئامارگر (یاسای پاراستنی زانیاری §4 برگەی 3)

## 9. زانیارییە هەستیارەکانی کەسەکان

☐ لە لێکۆڵینەوەکە دا مامەڵە بە زانیارییە کەسی هەستیارەکان ناکرێت.

لە لێکۆڵینەوەکە دا ئەو زانیارییە کەسییە هەستیارانە مامەڵەیان پێ دەکرێت:

☒ ڕەسەن یان ڕەچەڵەکی نەتەوەیی
☒ بیر و بۆچوونی سیاسی
☐ باوەڕی ئاینی یان فەلسەفی
☐ ئەندام بوونی سەندیکای پیشەیی
☐ زانیارییە جینێتیکییەکان
☐ مامەڵە کردنی بە زانیارییە بایۆمەترییەکان بۆ ناسینەوەی کەسەکە بێ دوودڵێ
☒ زانیارییەکانی تەندروستی
☐ هەڵسووکەوتە سێکسییەکان
☒ ئاراستەی سێکسی

بنەمای مامەڵە کردن بە زانیارییە هەستیارەکان لەسەر بنەمای ئەو مەرجە تایبەتییانەی خوارەوەیە کە لە یاسای گشتی پاراستنی زانیارییەکان مادەی 9 برگەی 2 یان یاسای پاراستنی زانیارییەکان §6 دیاری کراون:

☐ ڕەزامەندیی ڕاستەوخۆی کەسی بەشداربوو
☒ ئامانجی لێکۆڵینەوەی زانستی یان مێژوویی یان ئامانجی ئامار گرتن
☒ ئەرشیف کردنی ماتێریاڵی لێکۆڵینەوە و میراتی کەلتووری بۆ مەبەستی بەرژەوەندی گشتی

☐ کەسی بەشدار بوو زانیارییە هەستیارەکانی ئاشکرا کردووە

☒ مامەڵەکردنەکە بۆ بەرژەوەندیی گشتی پێویستە
☒ مامەڵەکردنەکە بۆ بەرژەوەندیی گشتیی تەندروستی نەتەوەیی پێویستە
☐ مامەڵەکردنەکە بە یاسا دانراوە یان ڕاستەوخۆ بە هۆی ئەو ئەرکەیە کە بۆ لایەنی هەڵگری زانیاری دیاری کراوە

☒ لە لێکۆڵینەوەکە دا مامەڵە بە زانیارییەکانی پەیوەندیدار بە حوکمەکانی تاوانباری و سەرپێچی دەکرێت

## 10. لێکۆڵینەوەکە چ زانیارییەکی کەسی تێدایە

لە لێکۆڵینەوەکانی FinLapset/Suomi100 دا هەڵسەنگاندنی سەرپەرستان لەسەر باشبژێوی، تەندروستی (بۆ نموونە باری دەروونی، میزاج/هەڵسووکەوتی منداڵ، بەشداری کردن)، کارلێک کردن لە کۆمەڵگە و کەڵک وەرگرتن لە خزمەتگوزارییەکانی شارستانی، سۆسیال و تەندروستیی منداڵەکە و سەرپەرستەکان ڕوون دەکرێتەوە.

ئەو زانیاریانەی سەبارەت بە منداڵەکە و سەرپەرستەکانیان لە تۆمارە فەرمییەکان وەردەگیرێن:

**نووسینگەی تەندروستی و باشبژێوی:**

- تۆمارەکانی منداڵانی لە دایک بوو (بۆ نموونە زانیارییەکانی کاتی دووگیانی، لەدایک بوون و زانیارییەکانی چاودێری منداڵەکە)
- تۆماری ئاگاداریی چارەسەریی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان (HILMO) و تۆماری ئاگاداریی پێراگەیشتنی سەرەتایی تەندروستی (AvoHilmo) (بۆ نموونە ڕێکەوتی سەردانەکان، ئەو نەخۆشیانەی دیاری کراون و ئەو نەشتەرگەریانەی ئەنجام دراون)
- تۆمارەکانی منداڵپارێزی (ڕێکەوتی دەستپێکردن و کۆتایی هاتنی جێگیرکردن لەدەرەوەی ماڵەوە)
- تۆمارەکانی چۆنییەتی بەرێوەچوونی دارایی

**نووسینگەی خانەنشینی نەتەوەیی (Kela):**

- زانیارییەکانی یارمەتی بنەماڵە منداڵدارەکان (بۆ نموونە یارمەتی دایکایەتی، پارەی دایک و باوکایەتی، یارمەتیی چاودێری کردن لە ماڵەوە یان پارەی یارمەتی گونجاو/ بەشێک لە **چاودێریی** ، و یارمەتیی چاودێری کەرتی تایبەت)
- زانیارییەکانی خزمەتگوزارییەکانی چاکبوونەوە (بۆ نموونە هۆکارە یاساییەکانی خزمەتگوزاریی چاکبوونەوە، ڕێکارەکانی چاکبوونەوە، نەخۆشییە دیارکراوەکان، ئامانجی سەرەکی و ئەو سەردانانەی قەرەبوو کراونەوە)
- زانیارییەکانی بنکەی ڕەچەتەی Kanta و بنکەی ڕەچەتەی Kela (بۆ نموونە ئەو دەرمانانەی دکتۆر نووسیونی و ئەو قەرەبووانەی بیمە داونی و کۆدی ATCی تێکەڵەی دەرمانەکە)
- مافی قەرەبوو کردنەوەی دەرمانەکان (بۆ نموونە ڕێکەوتی دەستپێکردن و نەخۆشییە دیاری کراوەکان)
- یارمەتییەکانی خاوەن پێداویستیی تایبەت (بۆ نموونە ڕێکەوتی دەستپێکردن و نەخۆشییە دیاری کراوەکان)
- زانیارییەکانی دانی پارەی کاتی نەخۆشی (بۆ نموونە ڕێکەوتی دەستپێکردنی نەبوونی تواناى کار کردن، کۆدی پیشە و کۆدی دەستنیشانکردن)
- زانیاری پێدانی یارمەتیی کاتی بێکاری (بۆ نموونە کاتی دانی یارمەتی، هۆکاری قەرەبووکردن و ڕادەی یارمەتییەکە)، یارمەتیی کرێ خانوو (بۆ نموونە ڕێکەوتی دانی بڕیار، بارودۆخی ژیانی کەسی وەرگری یارمەتییەکە

و چەند منداڵی ژێر تەمەنی یاسایی هەیە)، نەفەقە (بۆ نموونە مانگی دانی پارەکە و کۆدی بەشی یارمەتییەکە) و یارمەتی بەڕێوەچوونی سەرەتایی (بۆ نمونە مانگی دانی پارەکە، پیشە و پێگەی کەسەکە لەو ماڵباتەی وەریدەگرێت)

**بنکەی ئامار:**

- زانیاریی خوێندن و پیشە، پێگەی کۆمەڵی ئابووری، چالاکیی سەرەکی، داهاتەکانی ماڵبات، هۆکارەکانی مردن، زانیارییە کەسییە درێژخایەنەکان (FOLK).

**نووسینگەی پەروەردە:**

- زانیارییە پاشەکەوت کراوەکانی پەروەردەی سەرەتای منداڵی، Varda (بۆ نموونە دەستپێکردنی پەروەردەی سەرەتای منداڵی و کۆتایی پێ هاتن و چەند کاتژمێر لە حەفتەدا بووە)
- زانیارییە پاشەکەوت کراوەکانی پەروەردەی پێش سەرەتایی و سەرەتایی، Koski (زانیارییە پەیوەندیدارەکان بە مافی خوێندنی پێش سەرەتایی و زانیاری لەسەر درێژە پێدانی خوێندنی زۆرە ملێ، ئەو هاوکارییانەی پێی دراوە، ماوەکانی بڕیاری پێدانی یارمەتی تایبەت)

**نووسینگەی باج:**

- تۆمارەکانی داهات (زانیاری لەسەر داهات و بەرژەوەندییەکان)

**بنکەی چاودێریی دارایی:**

- بەرژەوەندییەکانی پەیوەست بە دەستکەوت

**بنکەی تۆمارە یاساییەکان:**

- تۆمارەکانی تاوان (بۆ نموونە زانیاری لەسەر غەرامەکان/جەریمەکان)

**نووسینگەی زانیاریی دیجیتاڵی و دانیشتووان:**

- سیستەمی زانیاریی دانیشتووان (ئەو کۆپییەی THL کەڵکی لێ وەردەگرێت): ناو، ناونیشان، ئەو شارەوانییەی لێی دەژی، ڕەگەز، کات و شوێنی لە دایک بوون، شارەوانی لە دایک بوون، وڵاتی بیانیی لە دایک بوون، ڕێکەوتی کۆچ بۆ وڵات، هاوڵاتی، باری هاوسەرگیری، پێشینەی هاوسەرگیری، زمانی دایکی، زمانی بەڕێوەبردنی کارەکان، پەیوەندییە خێزانیەکان، ژمارەی کەسانی ناو ماڵیاتەکە، ڕۆڵی سەرپەرستەکە، زانیاری ئەوەی کە منداڵەکە لە لای کێ دەژی و ئەگەر هەبێت ڕۆژی کۆچی دوای کردن، وڵاتی لە دایک بوونی دایە گەورە و باوە گەورەی منداڵەکە.

زانیارییە کەسییەکان بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان لە تۆمارە فەرمییەکان دا و بۆ تێکەڵ کردنی زانیارییە جیاوازەکان بەکار دێت. لە زانیارییە ئەسڵییەکانی لێکۆڵینەوە کە شی دەکرێتەوەو زانیارییە کەسییەکان لادەبرێن.

## 11. لە چ سەرچاوەیەک زانیارییە کەسییەکان کۆ دەکرێنەوە

THL، ئیدارەی خانەنشینیی هاونیشتیمانی، بنکەی ئامار، نووسینگەی پەروەردە، بەڕێوەبەری باج، چاودێریی دارایی، بنکەی تۆمارە یاساییەکان، نووسینگەی زانیارییە دیجیتاڵییەکان و دانیشتووان، ئەو زانیارییانەی کەسانی بەشدار بوو بە فۆرمەکانی دەیدەن.

## 12. پێ دان یان گواستنەوەی زانیارییەکان بۆ دەرەوەی گرووپی لێکۆڵینەوەکە

بە پێی نەریتەکان، زانیارییەکان نادرێن و ناگوازرێنەوە دەرەوەی گرووپی لێکۆڵینەوەکە. ئەو زانیاریيانەی لێکۆڵینەوە کە کۆ کراونەوە، دەکری بە پێی یاسای دراو لە بنکەی تەندروستی و خۆشگوزەرانی (668/2008) بەکار بهێندرێن و بە پێی ڕێککەوتنەکان بگوازرێنەوە بۆ هاوکارەکان (تەماشای پاشکۆی 1 بکە). سەبارەت بە ئەو لێکۆڵینەوەی بە پێی پێوەرەکانی ناوخۆی THL:ن، THL بڕیاری خۆی دەدات.

THL دەسەڵاتی مۆڵەتە پەیوەندیدارەکانی داوە بە لایەنی فەرمی مۆڵەتی پەیوەندیداری زانیارییەکانی کەرتی سۆسیال و تەندروستی (Findata)، ئەو ڕێکخراوە بەرپرسی ئەو مۆڵەتانەیە کە لە لایەن لایەنە دەرەکییەکانی THL داوا دەکرێن. هەروەها لە کاتی ئەو مۆڵەتانەی Findataش دەیان دا، دەبێ بەرنامەی بەکارهێنانی زانیارییەکان و دانیان بە لایەنێکی تر، بە پێی ئەو مەبەستە بێت کە بەهۆیەوە زانیارییەکان لە یەکەم باروودۆخ دا دراون.

## 13. گواستنەوەی زانیارییەکان بۆ دەرەوەی یەکیەتی ئەورووپا یان دەرەوەی ناوچەی ئابووریی ئەورووپا

بە شێوەیەکی سەرەکی زانیارییەکان نادرێن یان ناگوازرێنە دەرەوەی یەکیەتی ئەورووپا یان ناوچەی ئابووریی ئەورووپا. لەوانەیە بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی یان بە مەبەستی ڕوون کردنەوەی ئاماری، مۆڵەتی بەکارهێنانی زانیارییەکان بدرێ بە لایەنە هاوکارەکانی THL و ئەو کات ئەو زانیاریيانەی لەوانەیە کەسەکەیان پێ بناسرێتەوە پاک دەکرێنەوە.

## 14. بڕیاردانی ئۆتۆماتیکی

بڕیاری ئۆتۆماتیکی نادرێ.

## 15. بنەڕەتەکانی پاراستنی زانیارییە کەسییەکان

☒ زانیارییەکان بە نهێنی هەڵدەگیرێن

پاراستنی زانیارییە مانوالەکان: ____

ئەو زانیاریيانەی لە سیستەمی زانیاریی دا کاریان لەسەر دەکرێت:
☒ ناوی بەکارهێنەر
☒ وشەی شاراوە
☒ تۆمارکردنی بەکارهێنان
☒ چاودێریی بەکارهێنان
☐ شتی تر، چێ:

کارلەسەر کردنی زانیارییەکانی ڕاستەوخۆی ناسینەوە:
☒ زانیارییە ڕاستەوخۆیەکانی ناسینەوە لە قۆناخی شی کردنەوە پاک دەکرێنەوە
☐ زانیارییەکان بە زانیارییەکانی ڕاستەوخۆی ناسینەوە ئانالیز دەکرێ، چونکە (هۆکاری هەڵگرتنی زانیارییەکانی ڕاستەوخۆی ناسینەوە):

## 16. مامەڵە کردن بە زانیارییە کەسییەکان دوای کۆتای هاتنی لێکۆڵینەوەکە

☐ زانیارییەکانی لێکۆڵینەوە لەبەین دەبرێن
☒ زانیارییەکانی لێکۆڵینەوە ئارشیف دەکرێن:
☒ بێ زانیارییەکانی ناسینەوەی کەسەکە
☐ بە زانیارییەکانی ناسینەوەی کەسەکە

زانیارییەکان لە کوێ ئارشیف دەکرێن و تا کەی دەمێننەوە: لە ئارشیڤی نەتەوەیی بۆ هەمیشە

## 17. مافەکانی کەسی تۆمار کراو و هەلەکانی سنووردارکردنیان

یاسای پاراستنی زانیاری هێندێک ماف بۆ کەسی بەشداری لێکۆڵینەوە تەرخان دەکات و لە ڕێگەی ئەوانەوە کەسی بەشداری لێکۆڵینەوە دەتوانێ لە پارێزراوبوونی زانیاریە کەسییەکانی بە پێ یاسای بنەڕەتی دڵنیا بێت. **ئەگەر دەتە وێ ئەو مافەت بەکار بێنی ئەو ڕێنمایانە پەیڕەو بکە: https://thl.fi/fi/thl/tietosuoja**

لە بری ئەوە دەتوانی پەیوەندی بە تۆمارگای THL (kirjaamo@thl.fi) یان ئەو کەسەی لە بەشی یەکەم دا باس کراوە و بەرپرسی پەیوەندییەکانە، بگریت.

ئەگەر THL نەتوانێ لە زانیارییەکان دا بتناسێتەوە، ئەو کات بۆ نموونە مافی دەست گەیشتن بە زانیارییەکان، ڕاستکردنەوەیان و پاک کردنەوەیان کارا نابێت.

کشانەوەی ڕەزامەندی ( یاسای پاراستنی زانیارییەکان، مادەی 7 )
ئەگەر مامەڵە کردنی زانیاریە کەسییەکان لەسەر بنەمای ڕەزامەندی دانت بێت، تۆ مافی کشاندنەوەی ئەو ڕەزامەندییەی داوتە هەیە. کشاندنەوەی ڕەزامەندییەکەت کاریگەری ناکاتە سەر یاسایی بوونی ئەو مامەڵەیەی کە پێش کشاندنەوەی ڕەزایەتەکەت بە زانیارییەکان کراوە و لەسەر بنەماکەی ڕەزایەتی تۆ بووە.

مافی دەست گەیشتن بە زانیارییەکان (یاسای پاراستنی زانیارییەکان، مادەی 15)
تۆ مافی وەرگرتنی زانیارییت لەسەر ئەوە هەیە کە ئایا لە لێکۆڵینەوەکەدا مامەڵە بە زانیارییەکانت دەکرێ و چ زانیارییەکت لە لێکۆڵینەوە دا مامەڵەی پێ دەکرێت. ئەگەر بتەوێ دەتوانی داوای کۆپییەکی ئەو زانیاریانەی مامەڵەیان پێ دەکرێ، بکەیت.

مافی ڕاستکردنەوەی زانیارییەکان (یاسای پاراستنی زانیارییەکان، مادەی 16)
ئەگەر ئەو زانیاریانەی مامەڵەیان پێدەکرێت وورد نین یان هەڵەیان تێدایە، تۆ مافت هەیە داوای ڕاست کردنەوە یان ڕێک کردنیانت بکەیت.

مافی پاککردنەوەی زانیارییەکان (یاسای پاراستنی زانیارییەکان، مادەی 17)
لەو بارودۆخانەی لە خوارە باس کراون، تۆ مافی داواکردنی پاک کردنەوەی زانیارییەکانت هەیە:

a) زانیاریە کەسییەکان بۆ ئەو مەبەستەی کۆ کرابوونەوە یان مامەڵەیان پێکرابوو ئیدی پێویست نین
b) ئەو ڕەزامەندییەی بە پێی مامەڵەکە کراوە دەکشێنییەوە و بۆ مامەڵەکردن هیچ هۆکارێکی تری یاسایی نییە
c) بە دژی مامەڵەکەی و هۆکارێکی ڕەوا بۆ مامەڵەکە نییە
d) زانیاریە کەسییەکان بە شێوەی نایاسایی مامەڵەیان پێ کراوە، یان
e) بۆ پابەندبوون بە ئەو بەرپرسیارەتییەی لە لایەن یەکیەتی ئەورووپاوە یان لە لایەن وڵاتی ئەندام بۆ لایەنی تۆمارکار دانراوە، زانیارییەکان دەبێ پاک بکرێنەوە.

لادان لە مافەکان

لەوانەیە بە پێی هۆکارەکانی کە لە یاسای پاراستنی زانیاری دا هاتوون، لەو مافانەی لە بەشی 17 (مافەکانی کەسی تۆمار کراو و هەڵەکانی سنووردارکردنیان) دا باسکراون لادان بکرێت، ئەگەر مافەکان ڕێگر بن لە مەبەستی لێکۆڵینەوەی زانستی یان مێژوویی یان ڕیگری گەیشتن بە ئامانجی ئاماری بن یان ئەو ئامانجانە یەکجار زەحمەت بکەن. ئەگەری لادان لە مافەکان بە جیا بۆ هەر کەیسێک هەڵدەسەنگێندرێت.

**ئەگەر دەتە وێ کەڵک لە مافەکانت وەرگری، پەیرەوی ئەو ڕینوێنییانە بکە: [https://thl.fi/fi/thl/tietosuoja](https://thl.fi/fi/thl/tietosuoja)**

پەیوەندی گرتن

ئەگەر سەبارەت بە مافەکانت پرسیارت هەیە، پەیوەندی بە تۆمارگای THL (kirjaamo@thl.fi) یان ئەو کەسەی لە بەشی یەکەم دا باس کراوە و بەرپرسی پەیوەندییەکانە، بگرە.

<u>مافی بردنی بابەتەکە بۆ لایەنی بەرپرسی پاراستنی زانیاری</u>

تۆ مافی ئەوەت هەیە بابەتەکە بەری بۆ نووسینگەی بەرپرسی پاراستنی زانیاری، ئەگەر پێت وایە لە کاتی مامەڵە کردنی زانیارییەکانت یاسای پاراستنی زانیاری پێشێل کراوە.

زانیاریی پەیوەندی گرت:

نووسینگەی بەرپرسی پاراستنی زانیاری
Tietosuojavaltuutetun toimisto
ناونیشانی سەردان کردن: Lintulahdenkuja 4, 00530 Helsinki
ناونیشانی پۆست: PL 800, 00531 Helsinki

تەلەفۆن : 029 56 66700 هێڵێ گواستنەوە
ئیمێل: tietosuoja@om.fi

# پاشکۆی 1. ڕاگرەکانی تۆمار و ماتێریالەکان

ڕیکخراو